# خــــەڵاتـــــی نـــــۆبـــــڵ

<u>زنجیرەی سێیەم</u>

## خەڵاتی نۆبێل( NOBEL)

خەڵاتی نۆبێل ،لەلایەن پاشای سویدی لە رۆژی 10 ی دیسامبەریادی کۆچی دوایی زانا نۆبێل1896 دابەش دەکرێ ....لە ساڵی 1901 دا ئەکادیمیای سویدی لەسەر نووسەری فەرەنسی سوللی پرودهۆم وەستا و نووسەرانی سوید وەکو یاوگست سترینبارى ، سەلما لاگەرلۆف و ڤارنەر ڤۆن هایدینستام لەو باوەڕە دابوون کە دەبوایە {لیو تۆڵستۆی} خەڵاتەکەی وەربگرتایە، لەو نامەیە دیارە کە ئەو نووسەرانە بۆ تۆڵستۆیان نووسیبوو.

ساڵی 1901 خەڵاتی نۆبێل 151000 کرۆنی سویدی بوو...ساڵی 2000 خەڵاتەکە بووە 9000000کرۆنی سویدی .....گەنجترین نووسەر کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت نووسەری ئینگلیزی رودیارد کیپلینگ1865 – 1936 ( Rudyard Kipling ) بوو کە تەمەنی 42 ساڵان بووە،ساڵی 1907 ئەو خەڵاتەی پێشکەش کرا....نووسەری ئەڵمانی تیۆدۆر مۆمسێن1817–1903 (Theodor Mommsen ) بە تەمەنترین نووسەر بوو کاتێک ساڵی 1902 ئەو خەڵاتەی وەرگرت تەمەنی 85 ساڵان بووە..

## ئەکادیمیای سوید

ئەکادیمیای سویدی ساڵی 1786 لە لایەن گۆستاڤی سێیەم دامەزرا...ئامانجی دروستکردنەە ئەوەبووە کە زمان و فەرهەنگی سویدی بەرە وپێشەوە ببات.....

18 ئەندامی هەمیشەیی هەیە و هەتا لە ژیان دابن وەکو ئەندام دەمێننەوە...هیچ مووچەیەک وەرناگرن ، تەنها پارەی سەفەرکردنییان بۆ ئەوەی زانیاری {ستیپێنیری}بە دەست بهێنن وەردەگرن و نانخواردنی رۆژانی پێنجشەموان کە رۆژی کۆبونەوەی ئەکادیمیایە بەبێ پارەدەخۆن.....سکرتێری ئەکادیمیای سویدی لە ساڵی 1998 هەتا ئێستاکە نووسەر هۆراس ئێنگداڵ(Horace Engdahl) لە ساڵی 1948 لەدایک بووە...ساڵی 1997 بووە ئەندامی ئەکادیمیای سویدی ....لە ساڵی 1977 – 1988 دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کریس ( Kris) بووە...ساڵی 1987 دوکتۆرای لە زانستی ئەدەب وەرگرتووە...لە ساڵی 1982 لە رۆژنامەی (DN ) وەکو رەخنەگری ئەدەبی کاری کردووە..

**خەڵاتی نۆبڵ ... چین/فەرەنسا ساڵی 2000**

**گاو سینگجین ( Gao Xingjian)**

**خەڵاتی نۆبڵی 2000 لە ئەدەب درا بە درامانووسی نەناسراو {گاو سینگجین} ...گاو لەگەڵ دراما نووسین ، رۆمانیشی نووسیوە...رۆمانی چیای روحەکان ساڵی 1992 وەرگێردراوە بۆ زمانی سویدی ، هەروەها شانۆگەری لە کۆچدا لەسەر شانۆی دراماتن (Dramaten ) لە ستۆکهۆڵم نمایشکرا.**

**ئەکادیمیای سویدی رۆژی 2000/10/12 لە شاری ستۆکهۆڵم لەبەردەم هۆڵی ئەکادیمیا رایگەیاند کە خەڵاتی نۆبڵی ساڵی 2000ی بە نووسەری چینی/فەرەنسی گاو سینگجین بەخشی...**

**بڕیاری ئەکادیمیای سوێدی بەم جۆرە بووە:{{ بۆ داهێنانی گشتی بەردەوام و نیگای تاڵی و زمانێکی دەوڵەمەند رێگای تازەی بۆ هونەری رۆمان و درامای چینی کردەوە...}}....**

**گاو نزیکەی 18 ساڵە وەکو پەناهەندە لە فەرەنسا دەژی...نووسینەکانی زیاتر شانۆگەری یە، بەڵام لە بواری پەخشان ، وەرگێران ، دەرهێنەر ، رەخنەگر و هونەرمەندی دا ناوبانگی هەیە...ئەکادیمیای سویدی لە بریارەکەی دا پشتی بە رۆمانی یەکەمی نووسەر بە ناوی چیای روحەکان( La Montagne de l Ame ) بەست....ناوەڕۆکیرۆمانەکەی دەربارەی کۆچکردنە لە هەواری باشوور و خوارووی رۆژئاوای چین....رۆمانی دووەمی بەناوی ئینجیلی تاقە مرۆڤێک**

**( Le Livre dun homme seul ) هەر تەواوکراوی رۆمانی یەکەمیەتی لەگەڵ باسکردنی شۆڕشی کۆلتوری لە چین....شانۆگەری لە کۆچدا دیموکراسیخواز و دەسەڵاتدارانی چینی نارەحەت کرد...**

**گاو سینگجین لە 1940/1/4 لە گانزوو{Ganzhou } لە دایک بووە...ئێستاکە ناسنامەی فەرەنسی هەیە...لە کاتی شۆڕشی کۆلتوری 1966 – 1976 ناچاربوو ساکێکی دەستنووس بسووتێنی...**

**ساڵی 1979 بۆ یەکەم جار توانی نووسینەکانی بڵاوبکاتەوە و سەفەر بکات بۆ دەرەوەی چین...چووە فەرەنسا و ئیتاڵیا.**

**لە ساڵانی 1980– 1987 لە چین نۆڤڵ و دراما و ووتاری لە گۆڤارە ئەدەبیەکان بڵاودەکردەوە، هەروەها چوار کتابیشی چاپ کرد...باوکی گاو فەرمانبەری بانق بووە و دایکی ئەکتەر بووە، دایکی هاندەر بووە بۆ گاو کە شانۆ بنووسی ...**

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی کۆماری میللی تەواو کردووە و پاشان لە ساڵی 1962 ناسنامەی لە زمانی فەرەنسی لە ئینستیوتی زمانی بێگانە لە پەکین وەرگرت....گاو سینگجین یەکەم نووسەری چینیە کە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت....

ساڵی 2000 خەڵاتەکە نۆ میلیۆن کرۆنی سویدی بوو.

وەرگێران و نووسینی : فـــەهـــد گـــردەوانـــی